# ئەبیت هەلیبژیریت حیجاب یان ڤیتامین دی!!

نوسینی برون شیوگ
وەرگیرانی لە فەرەنسیەوە
هۆشیار قادر

ئەمە لیكۆلینەوەكە كە دەتوانیت هەموو كەس بروا بهینیت كە حیجابی ئیسلامی شتیكی خراپە بۆ تەندروستی ئافرەتان ،نەک تەنها بۆ دەرونیان بەلكو بۆ لەشیشیان.

عیادەی تەندروستی لە دانشگای شاری لۆزان كە سەرپەرشتی دەكرا لەلایەن دكتۆر(بیخناخ فاڤران) هەستا بە لیكۆلینەوەیەكی تەندروستی لەسەر ئەو ئافرەتە پەنابەرانەی كە حیجابیان پۆشیبوو،لە ئەنجامی لیكۆلینەوەكەیدا بۆی دەركەوت كە ئەم ئافرەتانە كەمی ڤیتامین ( دی) یان هەیە، كە ئەم ڤیتامینە ٩٠%ی بەهۆی تیشكی رۆژەوە دروست دەبیت وزۆر گرنگیشە بۆ باشی و پتەوكردنی ئیسقانەكانی لەشمان.
ئەم بەیانی یە لە بیۆلۆ پرۆفیسۆر(ئالان پیكۆد)، بەریوەبەری عیادەی شار ئەنجامەكانی ئەم لیكۆلینەوەی ئاشكرا كرد بۆ ٢٥٠٠ پزیشک كە ئامادەی كۆنگرەی {كۆمەلەی پزیشكانی هەناوی_باتنی_سویسری} بوون لە شاری لۆزان.
لیكۆلەرەوانی عیادەی شار بەو ئەنجامە گەیشتن كە زۆربەی ئافرەتانی محەجەبەی پەنابەر دوچاری ئەم تیكچوونە (سۆماتۆفۆرمەس) بوون كە بەشیكن لە دانیشتوانی سویسرا : ئازاریكی بەردەوام و كۆن ( موزمن) ی چەند سالە لە هەموو لەشدا كە زۆربەی جار نەخۆش هاواریەتی : دكتۆر هەموو گیانم دیشیت...............
دكتۆر فاڤران كاتیک كە ئافرەتیكی محەجەبەی دەپشكنی ئەو بیرە بە میشكیدا هات كە ڤیتامین دی بداتی لە ریگای خوینەوە .
پاش ماوە یەک بۆی دەركەوت كە نەخۆشەكەی بەتەواوی چاک بۆتەوە.
دكتۆری ناوبراو لە پشكنینەكانی بەردەوام بوو، ئەم جارەیان پشكنینی لە سەر ٣٠ ئافرەتی محەجەبە كرد كە هەموویان بەدەم ئازاریكی كۆنی ٤ سالەوە دەیاننالاند.

**ئەنجامیكی سەرسورهینەر:** دوو لە سەر سیی ئەم ئافرەتە محەجەبانە تەنها بە ٢ دەرزی ڤیتامین دی بەتەواوی ئازاریان نەماوەو چاک بونەتەوە.

ئەوەی شایانی باسە لیكۆلینەوەكی ئەمریكی بەهەمان شیوە بەم ئەنجامەی سەرەوە گەیشتووە كەباسمان كرد.

**حیجاب یان ڤیتامین دی ، تاریكی یان رووناكی ، كامیان هە ل دەبژیریت؟؟؟**

ئەم بابەتە وەرگیراوە لە رۆژنامەی _٢٤ سەعات_ ی فەرەنسی زبانی سیوسراوە رۆژی ١٢|٥|٢٠٠٤